# لەیادی مۆرکردنی پەیماننامەی" سیڤەر" ... هەڵسەنگاندن و پەند وەرگرتن

**سیروان مەحمود – هۆڵەندا**
s.mahmood@wanadoo.nl



گەرچی پەیماننامەی سیڤەر تەنها بەمەرەکەبی سەر کاغەز ناوزەند دەکرێت و بە جێبەجێنەکردنی مافێکی سرووشتی گەلی کورد لەباربرا و گەرچی بە دیدی زۆرێك لە روناکبیران گەر بهاتایەو ئەو بەندانەی تایبەت بوون بە کورد جێبەجێ بکرایە ئەوا چارەسەری قەیرانی پارچەبونی کوردستان ئاڵۆزتر دەبوو ، کوردستان لە بری چوار پارچەی هەنوکە دەبوە پێنج پارچە ، بەڵام وەك راستییەکی مێژویی ئەوا  تا ئەم ساتە تاکە بەڵێنی نووسراوە لەلایەن زلهێزەکانەوە کە بەفەرمی دان بە مافی گەلی کوردا دەنێن بۆ ئەگەری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ، گەر سەرییگرتایە ئەوا دەوڵەتێکی کوردی لە پارچەیەکی کوردستاندا دادەمەزرا و دەبوە پشت و پەنایەکی قایم بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان ، هەر بۆیە ئەم پەیماننامەیە ئەوەندە هەڵدەگرێت کە بەروداوێکی بێ وێنەی مێژوویی دووبارە نەبووەوە لە خەباتی گەلی کورد بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی ناوزەند بکرێت و پێویستی بە هەلسەنگاندنە .

ئامانجیش لەو هەڵسەنگاندنە تەنها هەڵدان نەبێت بە شانو باڵی پەیماننامەکە یان لاوانەوە بۆ بەدینەهێنانی ، بەڵکو بە مەبەستی دەستەبەرکردنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێت  تیایدا هەموو لایەنە باش و خراپەکانی پەیماننامەکەو زەمینەی هاتنە کایەی و هۆی شکستیەکەی لە خۆ بگرێت ، وانەو پەندی لێ وەرگیرێت بۆ ئێستا و ئایندەمان ، لەهەمان کاتیشدا ببێتە بناغەیەك لە سیستەمی پەروەردەیی نەتەوەیی و گۆشکردنی نەوەکانمان و وشیارکردنەوەیان بۆ ئەو مافە زەوتکراوە ، هەر وەك بیرخستنەوەیەکە بۆ زل هێزەکان بۆ ئەو گوناهەی دەرهەقمان ئەنجامیان داوە .

لە رۆژگارێکی زۆر ناهەموار و ناسکدا گۆرانکارییەکی مێژویی گەورە روی دەکردە ئەو ناوچانەی کوردی تیادا دەژیا ، خودی کوردەکان کەوتبوونە جموجۆڵەوە و بزووتنەوەی سیاسی و چەکداریان پێکهێنابوو ، هاوکێشەی هێزی ناوچەکە سەرەو ژێر کرابوو ، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هیلاك بەرەو روخاندن دەرۆیشت ، هاوپەیمانانی سەرکەوتو لەجەنگی جیهانی یەکەم جێ پێی خۆیان داکوتابوو ، بانگێشە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی و سەرهەڵدانی دروستبونی دەوڵەتە عەرەبیەکان و دەوڵەتانی تازە رزگار بوو لە چنگی عوسمانی روخساری نوێێ ناوچەکە بوو ، سیاسەتی ناوچەکەبە پێی رێکەوتننامەی سایکس بیکۆ ( 1916 ) بەرێوە دەچوو، ناوچەکە پڕ بوو لەغەدر و فرتو فێڵ و پیلانگێران بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان ، کوردستانی پارچە پارچەش بۆنی خوێنی کوشتاری نێوان پێکهاتەکانی لێدەهات ، کورد هیلاك  بوو بەدەست جەنگی وڵاتانی داگیرکەریەوە وباری ئابوریشی لاواز بوو ، ئا لەو دۆخەدا گەلی کورد لە بەشێکی کوردستان کەوتە بەر باسی

زلهێزەکان بۆ شێوازی حوکمرانییان، ئەگەر چی فشاری کوردی و نائارامی ناوچەکە کاریگەر بوو لەو مەسەلەیە ، بەڵام بۆ زلهێزەکان مەبەستی دیکەش لە ئارادا بوو ، وەك :

1 . بەکارهێنانی کارتی کوردی بۆ مامەڵەکردن پێیَ لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان.

2 . کەمێك دڵنەوایی کردنەوەی کوردەکان لەو قۆناغەدا تا پرۆژەکانیان بە سانایی بە رێوە بچێت .

لەو هەلو مەرجەدا لە ئەپریلی 1920 هاوپەیمانان لە شاری سان ریمۆی فەرەنسی کۆبونەوە و دەقێکی پەیماننامەیان ئامادەکرد لەگەڵ تورکیادا ، لە 10ی ئابی 1920 لەگۆنگرەی ئاشتی لە شاری سیڤەری فەرەنسا ئەو پەیماننامەیە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا مۆر کرا و بە ئامادەبونی نوێنەری کورد ژەنەراڵ " شەریف پاشا " کە وەك چاودێرێك لە باسەکانی تایبەت بە کورد و ئەرمەن ئامادە بوو ، لەبەشی سێهەمدا و لەژێر ناوی " کوردستان " سێ مادەی لە خۆ گرت " 62 ، 63 ، 64 " کەتایبەت بون بە کوردستان و پێشهاتی هاتنە دی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ :

( مادەی 62 ) :

کۆمیسیۆنێك لە نوێنەرانی بریتانیا ، فەرەنسا و ئیتالیا لە قوستەنتینە جێگیر دەبیَ و لەماوەی شەش مانگ پاش بەرێوەچوونی ئەم پەیمانە ئۆتۆنۆمی ناوچەیی دەدا بە ناوچەیەك کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن وکەوتونەتە : رۆژهەڵاتی فورات و باشوری سنوری ئەرمینیا ( کە لەدواییدا دەستنیشان دەکریَ) و باکوری سنوری تورکیا لەگەل سوریا و عێراق ، وەك ئەوەی لە برِگەی (2 ) و (3 ) لە مادەی 27 بەشی دووەمدا دەستنیشانکراوە . ئەگەر هات و لیژنەکە نەگەیشتە رێکەوتنێك بە سەرجەمی دەنگەکان لە هەموو بابەتەکان ئەو کاتە پێویستە لیژنەکە ئەو بابەتانە بەرەو رووی حکومەتەکانیان بکاتەوە . پەیرەوی ئەم ئۆتۆنۆمییە دەبیَ مافی ئاشوریەکان ، کلدانییەکان وکەمایەتییە رەگەزیی وئاییینیەکانی تر لەو ناوچانەدادابین کات . بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك دروست دەکرێت لە نوێنەرانی ( بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ) و فارس و کوردیشی تیادا بێت ، سەردانی ئەو ناوچانە بکات ( سنوری تورکیا – ئێران ) و گۆرانکاری پێویست بکەن بە پێی دەقەکانی ئەم پەیماننامەیە .

(مادەی 63 ) :

حکومەتی تورکیا دەبێت بریار لەسەر پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بریارەکانی کۆمسیۆنی مادەی 62 بدات ، لەماوەی سێ مانگدا لە رۆژی ناردنی بۆ حکومەتی ناوبراو .

( مادەی 64 ) :

لەماوەی ساڵێك پاش جێ بەجێ کردنی ئەم پەیمانە ، بێتوو کوردەکانی دانیشتووی ئەم ناوچانەی کە ماددەی 62 دەیان گرێتەوە بچنە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان وبیسەلمێنن کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە حەزیان لە سەربەخۆیی لە تورکیایەوە ودەیانەویَ لەم وڵاتە جیا ببنەوە و ئەنجومەنیش بۆی دەربکەویَ کە ئەم خەڵکە شیاوی سەربەخۆیین ، بە تورکیا دەسپێریَ کەسەربەخۆیی بدا بە کوردەکان . تورکیا لەسەریەتی کە لەوکاتەدا هەڵوێستی خۆی لەگەڵ ئەم راسپێریە رێك بخا و لە هەموو مافی خۆی لەم ناوچانەدا دەست هەڵبگریَ . چۆنیەتی ئەم دەست هەڵگرتنە لە وتوێژە تایبەتیەکانیدا کە لە نێوان هاوپەیمانە سەرەکییەکان وتورکیادا پێك دیَ ، دیاری دەکریَ .



شیکردنەوەی بابەتی بۆ ئەو سێ مادەیە ، نا دادپەروەری و نارەوایی زلهێزەکانمان بۆ دەردەخات کە هەمیشە لەچوارچێوەی پیلان و بەرژەوەندییە ناجێگیرییەکانی خۆیاندا سیاسەتی ناوچەکەیان دارشتوە و گەلی کوردیش زەرەرمەند و قوربانی سەرەکی بووە لەو سیاسەتەدا. بەپێی پەیماننامەکە ئەوا مافی کوردی بەستوەتەوە بە بریاری داگیرکەرانی و دەستکەوتەکانی پێکهاتەکانی تری ناوچەکە ، پانتایی ئەو کوردستانەی پێشهاتیان دەکرت ئەوا سێ یەکی کوردستانی عوسمانییە ، چارەنوسی ولایەتی کورد نشینی موسلیش گرێنەدرا بوو بەو دەوڵەتە پێشنیار کراوە ، بەڵکو کاتێك دەخرایە سەر کوردستان گەر :

1 . ئەم کوردستانە سەربەخۆیە پێکبهاتایە .

2 . دانیشتوانی ولایەتی موسل نیشانی بدەن ئارەزویان لەوپێوە لکاندنەیە .

لە لایەکی تریشەوە هاتنە دی کوردستانی سەربەخۆ مەرجدار و گرێدراوە بە:

1 . خەڵکی کوردستان دەبێ سەر لە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بدەن و بیسەلمێنن کە زۆربەیان سەربەخۆییان گەرەکە .

2 . ویست و دەنگی زۆربەی خەلکیش بەس نییە ، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێویستە ئەوان بە شیاوی وەرگرتنی سەربەخۆیی بزانن ، ئەگینادەبێت داوا لە ئنگلتەرا بکا کە لوتف بفەرموێت کوردەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە .

پەیماننامەی سیڤەر نەچووە کەشی جێبەجیکردن و تەنها لەسەر کاغەز مایەوە ، هەر لەوکاتەی نوێنەرانی هاوپەیمانان و تورك و ئەرمەن سەرقاڵی مۆرکردنی پەیماننامەکە بوون لە سیڤەر ئەوا " موستەفا ئەتاتورك " و روسییەکان سەرگەرمی پیلانێك بوون بۆ سەرنەگرتن و تێکدانی پەیماننامەکە.
ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ کەموکوریەکانیدا دەستکەوتێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ میللەتی کورد ، بە جێبەجێکردنی ئەوا خەونێکی گەورە دەهاتە دی و ئاڵای کوردستان لەسەر پارچەیەك لە خاکەکەی دەشەکایەوە و وەك وڵاتێکی سەربەخۆ دەچووە ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییەوە، ئەوسا زلهێزەکانیش وەك دەوڵەتێکی خاوەن توانا دەیان خستە هاوکێشەی بەرژەوەندیەکان و دەچووە قۆناغێکی پێشکەوتو لە گەمە نێو دەوڵەتیەکان وکاریگەریشی دەبو سەر رەوشی کێشی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا .

جگە لە کاریگەری فاکتەری نێو دەوڵەتی و ئیقلیمی لەسەر دارشتنی ئەو بەندانەی تایبەت بوون بە کورد کە ئامانجی راستەقینەی گەلی کوردی تیادا فەرامۆش کرا ، ئەوا فاکتەری کوردی لاواز بوو لەو پرۆژەیەدا ، هۆکانیشی خۆیی و بابەتی بوون کە هەندێکیان ئەمانەن :

1 . ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی لەئاست قەبارەی گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمەدا نەبوو ، لاوازی باری ئابووری و نەبوونی پەیوەندی کاریگەر بە جیهانی دەرەوە و بەتایبەتی لەگەڵ زلهێزەکاندا کاری کردە سەر قورسایی کورد لەمەر ڕووداوەکان و ئەمەش وای کردکاریگەری کورد لەو قۆناغەدا فەرامۆش بکرێت .

2 . نەبوونی بەرنامەیەکی کۆکراوی ئامادەکراوە بۆ داخوازیەکانی میللەتی کورد لەسەر ئاستی کوردستان بەهۆی پەرتەوازەیی کوردستان ودابەش بوونی بەسەر ناوچەکەدا ، بەندەکان بە ویستی بەرژەوەنیەکانی خاوەن بڕیارەکان دارێژرابوو .

3 . ڕێکنەکەوتنی کورد( لەو بەشەی هەلی بۆ هەڵکەوت لەو پەیماننامەیە) لەسەر بەرنامەیەکی یەکگرتوو کەدەبوایە بخرایە ڕوو لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا ، دوو ڕای جیاواز هەبو بۆ سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی لە ناو دەوڵەتی تورکیا .

4 . نوێنەرانی کورد لەئاست قەبارەی ئەو کۆنگرەیەدا نەبوون ، " شەریف پاشا " ئەفسەرێکی کورد بوو لە سوپای عوسمانی ، ماوەیەکیش باڵوێزی تورکیا بوو لە سوید ، خەمخواری میللەتەکەی بوو بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و لە مەیدانی پراکتیکی ئەوا چەند گرووپێك و بزووتنەوەیەك لە مەیداندا بوون کە بەئەزمونتر بوون لەگەل کەیسەکەدا وەك "کۆمەڵەی تەعالی کوردستان " ، ئەمە جگە لەوەش کە ژەنەراڵ شەریف پاشا بنکەو ناوبانگێکی بەهێزی فراوانی نەبوو لە ناوچە کوردیەکاندا ، هەر بۆیەش هاوپەیمانان کاریگەری ئەمیان ئەوەندا بە هەند وەرنەدەگرت .

5 . بەهۆی گرفتی ( ناوخۆیی ، سیاسی ، خێڵەکی ، ئاینی) ، کوردەکان دووربوون لە بەگەڕخستنی پەیماننامەکە و بەدواچوونەوەیان نەبوو بۆ جێبە جێ کردنی بەندەکانی .

6 . نەبوونی بەرنامەیەکی کوردی بەدیل بۆ ئەگەری جێبە جێ نکردنی پەیماننامەکە ، ئەمەش وای لە هاوپەیمانەکان کرد سڵ لە هیچ گۆڕانکارییەك نەکەنەوە.

7 . دەرك نەکردنی کورد و شارەزا نەبوونی لەگەڵ گەمەی سیاسی جیهانی بۆ پێکهێنانی قوتب لەگەڵ زلهێزێك یان وڵاتێکی ئەقلیمی ، کورد نەیتوانی لەگەڵ هیچ هێزێکدا قوتبێك پێك بێنێت کە بەهۆیەوە حیسابێکی باشتری بۆ بکرێت لە گەمەکانی ئەو کاتەدا .

دیارە باسکردنی کەموکوری و هەلومەرجی قۆناغی مۆرکردنی سیڤەر لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی فراوانتر هەڵدەگرێت ، ئەوەش بابەتێکی گرنگە دەبێت پسپۆران بەبایەخەوە لێی بدوێن و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن ، سیڤەر بەسەرهاتێکی  مێژووی هاوچەرخمانە ، تاقیکرنەوەکانی مێژووش دەبێت بە هەند وەرگیرێت و گەلان هەمیشە زۆر سوودمەند بوون لە وانەکانی ڕابردویان بۆ دارشتنەوەی بەرنامەی هەنوکەیی و ئایندەیان .

ڕاستە سەردەم گۆڕاوە و لەماوەی ئەم 90 ساڵەی ڕابردودا ناوچەکەو دۆخەکەی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە ، جیهانیش جیهانی ئەو سەردەمە نییە ، شێوازی کارکردنی سیاسی و وەرگرتنی بڕیارەکان شێوازێکی تری بە خۆوە گرتووە ، وەلێ بۆ ئێمە لە خواروی کوردستان هەنوکە بە قۆناغی هاوشێوەی ئەو قۆناغە دەرۆین و مێژوو لەزۆر گۆشەیەوە دووبارە بووەتەوە و هەلێکی نوێمان بۆ رەخساوە ، گەر بە وردی کاری بۆ بکەین و لە گەمە سیاسیە جیهانییە نوێکان باش تێبگەین و ڕۆڵی کاریگەرمان سەر بڕیارەکان هەبێ ئەوا دەستکەوتی گەورە بەدەست دەهێنین، گەر لەم قۆناغەدا دەوڵەتیشمان پێ دروست نەکرێت ئەوا دارشتنی بناغەکەی لە توانادایە و نابێت ئەم هەلو مەرجە بە فیرۆ بدەین .

ئایە بۆ سیڤەر ، تەنهاهەناسەی حەسرەت هەڵکێشێن ؟ ،  یان پەند وەرگرین و بەسەرهاتەکە بە بابەتی هەڵسەنگێنین، ئایە لەم سەردەمەدا چۆن سوود لە وانەکەی وەرگرین ، چی باشە بیکەین بۆ ئەوەی هاتنەکایەی

سیڤەرێکی دیکە و جێبەجێ نەکردنی دووبارە نەبێتەوە ... خوێندنەوەی وانەکانی مێژوو ، پەندەکانی ، بەرنامەی هەنووکە و ئایندەمان ، سەنتەرێکی ئەکادیمی بەتوانای گەرەکە !